# خەوەكەم چارەنووسمە

كەسێك بۆمان دەگێڕێتەوە

**كە ماوەيك لە گومان و دوو دڵيدا ژياوە**

نووسينی

**حەسەنی پێنجوێنی**

چاپی دووەم

٢٠٠١ ز - ١٤٢١ك

## خەوەكەم:

كەسێك بۆمان دە گێڕێتەوە كە لە خەويا دەمرێت، و وەك كەسێكی تر چاوی لە خۆيەوە دەبێ، خزمان بەسەريەوە دەگرين و شين و رۆرۆی بۆ دەكەن، بەگريان و شينەكەيان دڵگران دەبێت.

ئينجا دەی شۆرن و هەست بەساردی و گەرمی ئاوەكە دەكات، كفنی دەپۆشن، و هەندێ قورئانی بەسەرەوە دەخوێنن، بەباشی لە قورئانەكە حاڵی دەبێت..

كاتێ بەرەو گۆڕستانی دەبەن، يەك بەيەكی ئەوخەڵكە دەناسێ، كەلەگەڵ تەرمەكەيدا بوون، كاتێ دەيخەنە ناوگۆڕەوە بەتاشە بەرد و پاشان بە گڵ وخۆڵ سەری دادەپۆشن، بەباشی چاوی لێيانە، و ، بەردو خۆڵ رێی بينينی لێناگرێ.

ديمەنەنەكانی مردن و خەمی چاوەروانی و لێ پرسينەوەی پاش مردنمان بۆ باس دەكات..

# خەوەکەم چارەنووسمە

کەسێك بۆمان دەگێڕێتەوە

**کە ماوەیك لە گومان و دوو دڵیدا ژیاوە**

نووسینی

**حەسەنی پێنجوێنی**

**چاپی دووەم**

2002 - 1423

بِاِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ

١ ـ اللَّـهُ يَـتَوَفَّى الأَنْفُـسَ حِيـنَ مَوْتِهَـا، وَالَّتِـي لَـمْ تَمُـتْ فِـي مَنَامِهَا، فَيُمْسِكُ الَّتِي قَضَى عَلَيْهَا الْمَوْتَ، وَيُرْسِلُ الأُخْرَى إِلَى أَجَلٍ مُسَمًّى، إِنَّ فِي ذَلِكَ لآيَاتٍ لِقَوْمٍ يَتَفَكَّرُونَ." سورة الزمر/٤٢.

٣ـ عَنْ أَبِـي سَعِيدٍ الْخُدْرِيِّ أَنَّهُ سَمِعَ النَّبِيَّ ﷺ يَقُولُ: إِذَا رَأَى أَحَدُكُمْ رُؤْيَا يُحِبُّهَا فَإِنَّمَا هِيَ مِنَ اللَّهِ فَلْيَحْمَدِ اللَّهَ عَلَيْهَا وَلْيُحَدِّثْ بِهَا، وَإِذَا رَأَى غَيْرَ ذَلِكَ مِمَّا يَكْرَهُ فَإِنَّمَا هِيَ مِنَ الشَّيْطَانِ فَلْيَسْتَعِذْ مِنْ شَرِّهَا، وَلا يَذْكُرْهَا لأَحَدٍ فَإِنَّهَا لا تَضُرُّهُ"

أخرجه البخاري في كتاب التعبير/ بَاب الرُّؤْيَا مِنَ اللَّهِ،برقم: ٦٤٧٠.

٤ـ عَنْ عُبَادَةَ بْنِ الصَّامِتِ عَنِ النَّبِيِّ ﷺ قَالَ: رُؤْيَا الْمُؤْمِنِ جُزْءٌ مِنْ سِتَّةٍ وَأَرْبَعِينَ جُزْءًا مِنَ النُّبُوَّةِ."

أخرجه البخاري في كتاب التعبير/ بَاب الرُّؤْيَا الصالحة،برقم: ٦٤٧٢.

بسم الله الرحمن الرحيم

## پێشەکی

وام پێ باشه له روانگەی ئیسلامەوه هەندێ لەبارەی خەوەوه بدوێم، هیچ گومان لەوەدا نییه که خەو له کافر و موسڵمانەوه روودەدات، چونکه هەردوو ئینسانن، خەوبینین شتێکه لەسروشتی هەموو مرۆڤیکدا هەیە، جا ئەو مرۆڤه منداڵ بێ وەك خەوەکەی حەزرەتی یوسف( إِذْ قَالَ يُوسُفُ لأَبِيهِ: يَاأَبَتِ إِنِّي رَأَيْتُ أَحَدَ عَشَرَ كَوْكَبًا وَالشَّمْسَ وَالْقَمَرَ رَأَيْتُهُمْ لِي سَاجِدِينَ)[1]،واته: کاتێ یوسف بەباوکی گوت: بابە! من لەخەوما یانزه ئەستێرەو رۆژ ومانگم دی کرنوشیان بۆ دەبردم. ئەبینین ئەم خەوه پاش نزیکەی بیست ساڵێك هاته دی.( وَرَفَعَ أَبَوَيْهِ عَلَى الْعَرْشِ وَخَرُّوا لَهُ سُجَّدًا، وَقَالَ: يَاأَبَتِ هَذَا تَأْوِيلُ رُؤْيَايَ مِنْ قَبْلُ قَدْ جَعَلَهَا رَبِّي حَقًّا)[2]. یا ئەو خەوه له پیاوی گەورەوه بێ وەك خەوەکەی بەندییەکانی هاوەڵی حەزرەتی یوسف( وَدَخَلَ مَعَهُ السِّجْنَ فَتَيَانِ، قَالَ أَحَدُهُمَا:

1- سورة يوسف/٤.
2- سورة يوسف/١٠٠.

إِنِّي أَرَانِي أَعْصِرُ خَمْرًا، وَقَالَ الآخَرُ: إِنِّي أَرَانِي أَحْمِلُ فَوْقَ رَأْسِي خُبْزًا تَأْكُلُ الطَّيْرُ مِنْهُ، نَبِّئْنَا بِتَأْوِيلِهِ إِنَّا نَرَاكَ مِنْ الْمُحْسِنِينَ)[3]، واته: دوو لاویش لەتەکیا رۆیشتنه زیندانەوه، یەکێکیان گوتی: لەخەوما شەرابم ئەگوشی، ئەویتریان گوتی: لەخەوما بینیم نان بەسەر سەرمەوەیەو پەلەوەر لێی دەخۆن، واتایمان بۆلێك بدەرەوه چونکه بە پیاو چاکت دەزانین. ئەوەبو ئەویش پاش بانگکردنیان بۆ رێی راست واتاکەی بۆ کردن و بەوجۆرەش دەرچوو که ئەو پێی گوتن.

هەروەها وادەبێ خەو له موسڵمان و پێغەمەرانەوه بێ وەك خەوەکەی حەزرەتی ئیبراهیم(قَالَ: يَابُنَيَّ إِنِّي أَرَى فِي الْمَنَامِ أَنِّي أَذْبَحُكَ)[4]، کوڕم! لەخەوما وام زانی من سەرت دەبڕم. پاش ئەوه که ئیبراهیم و ئیسماعیل نیشانەی تەواوی بەندایەتی خۆیان بۆ خوا پیشاندا ئەوه بوو خوای بالادەست رزگاری کردن و فەرموی:( يَاإِبْرَاهِيمُ قَدْ صَدَّقْتَ الرُّؤْيَا)[5] یا ئیبراهیم خەوەکەت هێنایه دی.

یا وادەبێ لەکافری تەواوه بێ وەك پاشاکەی میسر( وَقَالَ الْمَلِكُ: إِنِّي أَرَى سَبْعَ بَقَرَاتٍ سِمَانٍ يَأْكُلُهُنَّ سَبْعٌ عِجَافٌ، وَسَبْعَ سُنْبُلاتٍ خُضْرٍ وَأُخَرَ يَابِسَاتٍ، يَاأَيُّهَا الْمَلأُ أَفْتُونِي فِي رُؤْيَايَ إِنْ

3- سورة يوسف/٣٦.
4- سورة الصافات/١٠٢.
5- سورة الصافات/١٠٥.

كُنتُمْ لِلرُّؤْيَا تَعْبُرُونَ)[٦]، پاشاكه گوتی: من لەخەوما دیم حەوت مانگای لاواز حەوتی قەڵەویان دەخوارد، وەحەوت گوڵە گەنمیسەوزو حەوتی وشکم بینی. ئەگەر لەواتای خەوشارەزان واتاكەیم پێ بڵێن.

ئەوەبوو ئەم خەوەش هاتەدی و پاش حەوت ساڵی بەپیت و بەرەکەت حەوت ساڵی قات وقڕی هات و هەرچی لەوحەوت ساڵەدا بەپێی پلانەکەی یوسف هەڵگیرابوو خوراو نەمایەوە، و ئەگەر خوا حەزرەتی یوسفی بۆ نەناردنایە تیاچوونیان حەتمی بوو.

کەوابو خەو لەهەموو ئەمانەوە روودەدات و دێتە دیش.

لەخەوا گیانی ئینسان پەرواز دەکات و پەیوەندی بە جیهانی ئەرواحەوە دەکات هەر هۆی ئەوەشە کە پێغەمەر ﷺ دەفەرموێ: " رُؤْيَا الْمُؤْمِنِ جُزْءٌ مِنْ سِتَّةٍ وَأَرْبَعِينَ جُزْءًا مِنَ النُّبُوَّةِ. "[٧]

واتە: خەوی ئیماندار بەشێکە لەچل و شەش بەش لە پێغەمەرایەتی. ئەم فەرمودەیە بوخاری و موسلیم و ترمزی و ئەبوداود و ئیبنو ماجە و ئیمام ئەحمەد لە (عوبادەی کوڕی سامیت)ەوە، ریوایەتیان کردووە، وە بوخاری لەم هاوەڵانەی

6- سورة يوسف/٤٣.

7- أخرجه البخاري في صحيحه في كتاب الرؤيا، برقم: ٦٤٧٢.و أخرجه الترمدى وأبوداود، وابن ماجة وأحمد.

تریشەوە ریوایەتی کردووە: ئەنەسی کوری مالیك، ئەبو هورەیرە، و ئەبو سەعیدی خودری، وە ترمزیش لە وانەو لە چەند هاوەڵێکی تر وەك: ئەبو رەزینی عوقەیلی، عەبدوڵڵای کوڕی عەمر، عەوفی کوڕی مالیك و ئیبنو عومەر، ریوایەتی کردووە.

حەزرەتی عایشە دەفەرموێ: پێغەمەر ﷺ پێش ئەوەی وەحی بۆ بێت هەرخەوێکی دەبینی وەك سپیدەی بەیان ئەهاتە دی. (عَنْ عَائِشَةَ قَالَتْ: أَوَّلُ مَا بُدِئَ بِهِ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ مِنَ الْوَحْيِ الرُّؤْيَا الصَّادِقَةُ، وَكَانَ لا يَرَى رُؤْيَا إِلاَّ جَاءَتْ مِثْلَ فَلَقِ الصُّبْحِ)[٨].

کەوابوو خەولەئیسلاما دا ئەنرێ بە حەقیقەتێك ئەگەر خەوی هەڵێت وپەڵیت نەبێ، وەمەعنای تایبەتی خۆی هەیە بەو مەرجەی شارەزایانی واتای خەو واتای بکەن.

## ئایا خەو بەڵگەیەکی شەرعییە ؟

لەشەریعەتی ئیسلامدا خەو دانانرێ بەدەلیل وبەڵگەیەکی شەرعی، واتە: ئەگەر کەسێك لەخەویا باشترین پیاوچاکی بینی وپێی گوت: خوا فەرمانی پێکردووی هەموو ماڵەکەت یا بەشێکی بدەی بەفلانەکەس. ئەم خەوە نابێتە بەڵگەیەکی شەرعی و داوای ئەوەی لێناکرێ ماڵەکەی بدات بەو فلانە کەسە.

8- أخرجه الخاري فى كتاب تفسير القرآن، برقم:٤٥٧٢.

تازە ماڵمان چوبووە گەڕەکی شەریف ئاوا  برای بەرێزم مامۆستا حەمە یوسف خەوێکی بۆ" گێڕامەوە کە زۆر لە واقیع دە چوو، لێم پرسی: لە کێت بیستووە؟

گوتی: لە کاک عەلی رەحمانی. پاش ماوەیەك کاك عەلی سەردانی کردین.

گوتم: کاك عەلی ئەو خەوەت لەکێ بیستووە؟

گوتی: لە خودی خاوەن خەوەکە.

گوتم: واتە: دەیناسیت؟!

گوتی: بەڵێ.

گوتم: گەر زەحمەت نەبێ پێم خۆشە چاو پێکەوتنێکمان بۆسازبکەی تاڕاستەوخۆ لەدەمیخۆی ببیستم، ئەویش بەڵێنی دا.

لە ئێوارەی رۆژی پێنج شەممەی رێکەوتی ١٩ رەمەزانی ١٤٠٨ك بەرامبەر٥- ٥ –١٩٨٨ز لەگەڵ برایان کاك حەمە یوسف و کاك عەلی رەحمانیدا رۆیشتین بۆ کۆتایی شەقامی (بیست و پێنج)ی شاری سنە لە نزیك گەراجی(مەریوان)ە وە، رۆیشتینە دوکانی ئەو برادەرە و پاش سلاو و خۆ  بەیەکتر ناساندن بەخێرهاتنێکی گەرمی کردین و فەرمووی لێکردین و ئێمەش دانیشتین.

خاوەن خەوکە کوڕی زاناو شاعیرێکی پیاوچاکی مەریوانە، پێشتر مامۆستای سەرەتایی بووەو لەسەر کار لا براوە، کوڕێکی سوورو سپی، باڵابەرز، رووخۆش و دەم بە بزە، لەشێکی مام ناوەند نە زۆر قەڵەو نە زۆر لاواز، تەمەنی لە کۆتایی لاویەتیدا بوو، جگەرە کیش، نوێژنەکەر، رۆژوو نەگر، ئەم برادەرە نەیویست ناوی بێنم بۆیە ناوی ناهێنم. هیوادارم پێش ئەوەی مردنی واقیعی بێتە میوانی روو بکاتەوە خوداو بە تەواوی بگەڕێتەوە باوەشی گەرمی ئیسلام.

# # #

## خەوەکەم  چارەنووسمە:

گوتم: لەبارەی ئێوەوە خەوکیان بۆ گێڕاومەتەوە پێم خۆش بوو لە دەم خۆتانەوە بیبیستم تابەو جۆرە بینووسم کە بووە، و ئێستاش بۆ ئەو مەبەستە هاتوین بۆلاتان.

گوتی: بەو پەڕی خۆشحاڵیەوە ئامادەم، بەڵام پێم خۆشە بڕۆینەوە بۆماڵ چونکە ئەوێ ئارامترە و ئێرەش بازارە و قەرەباڵخ..

گوتمان: پێویست بەو زەحمەتە ناکات، خۆت دەزانی ئیستا رەمەزانە و لە ئێوارە نزیك بووینەوە و ئەو ئەرکە ناخەینە ئەستوت. پاش ماوەیەك قسەی خۆش و پێکەنین خەوەکەی بەم جۆرە بۆ گێڕاینەوەو گوتی:

لە دەوروبەری ساڵی ١٣٥٤ ئێرانیدا لە ئاوایی( دانی کەش)ی ناوچەی کەلاتەرزان[٩] مامۆستای سەرەتایی بووم، ئەم ناوچەیەش ناوچەیەکی خۆش و رازاوە بە دیمەنەکانی سروشتە، چرۆی درەختەکان هێشتا نە پشکوتابوون، بادەم وقەیسی تازە گوڵیان کردبوو، کوێستانەکان پەڵە پەڵە بەفریان پێوە مابوو، دەتگوت ریشە تاڵ تال سپییەکەی مەولەوی رەحمەتییەو لێرەدا ئەم شیعرەی گوتووە: کوێستانان خاڵخاڵ بەفری ناچێتۆ ئازیز تۆراوەو ئاشتی نابێتۆ. بۆری ورەشی کێوەکان بە تارایەکی سەوزی کاڵ داپۆشرابوو، هاژەی رووبارو قرمەی بەفراو و قاسپەی کەوی قەدپاڵەکان و چریکەی بولبول و ئاوازی شوانی بەرغەل بە لاپاڵەکانەوە دڵی هەزار دڵی حەیران و کەمەند کێش دەکرد، دیمەنەکە زۆر جادووگەر بوو.

---

9- کەلاتەرزان ناحییەیەکی سەر بە قەزای مەریوانە.

ئەو رۆژەم زۆر بە خۆشی و شادییەوە بردە سەر، وام دەزانی ژیان بریتییە لەو چەند کات و ساتە. شەو داهات، تاکاتی خەوتن لەگەڵ ئاوازی خۆشئاوازان و گۆرانی بێژە ناودارەکانی ناوچەدا ژیام، کاتی نووستن جێگەم چاککرد و نوێنم راخست، پەردەی پەنجەرەکانم دادایەوە و بەباشی جووتم کردن تا لەدرزی نێوانیانەوە رووناکی نەتوانێ سەربکێشێتە ژووری، وا راهاتبووم لە کاتی خەوتندا ژوورەکەم بەتەواوی تاریك دەکرد، بۆیە هەستام چراکەیشم کوژاندەوە. بەڵێ سەرم کردە سەر سەرین و نوستم..

خەوم لێکەوت، نازانم زۆرم پێ چوو یان کەم، خەوێکم بینی، بەڵام چ خەوێك! خەوێکی سەیرو سەر سووڕهێنەر، خەوێك بە ئاشکرا چارەنووسمی دیاری دەکرد!!

## لە قورئانەکە حاڵی دەبووم:

لە خەوما وامزانی مردم وگیانم دەرچوو، وەك کەسێکی تر چاوم لە خۆمەوە بوو، خزمان بەسەرما دەگریان و شین و رۆرۆیان بوو، بەو گریان و رۆیەی ئەوان دڵگران و خەمبار دەبووم، لەخەوەکەمدا خۆم بەخۆمم دەگوت: وەڵڵا راستبوو کە لە دنیادا

دەیانگوت: بۆمردوو بەدەنگی بەرز مەگرین چونکە پێی نارەحەت دەبێ! ئەها من بەم گریانەی ئەوان چەند نارەحەتم!!

ئینجا بردمیان بۆ مزگەوتە کۆنەکەی (نگل)([10])، لەوێ دوای شۆردن کفنیان پۆشیم، لە مزگەوتەکە دایان نام و هەندێ قورئانیان بەسەرەوە خوێندم، بەباشی لە قورئانەکە حاڵی دەبووم و زۆر پێی دڵخۆش و شادمان بووم، بەهیچ جۆر خەم و خەفەتم نەبوو، بێ خەمی رەها بووم.

دوای ئەوە بەرەو گۆڕستان هەڵیان گرتم، خەڵکێکی زۆر لەگەڵ تەرمەکەمدا بوون، یەك بەیەکیانم دەناسی، کاتێ گۆڕەکەم ئامادە بوو خستمیانە ناویەوە، بەتاشە بەرد و پاشان بە گڵ وخۆڵ سەریان داپۆشیم، باش کوتایانەوە، ماوەیەك خەڵکەکە لە پەنای گۆڕکەما دانیشتن، بە جوانی چاوم لێیان بوو، بەردو خۆڵەکە رێی بینینی نەدەگرتم.

## گۆڕەکەم زۆر تاریك بوو:

وەك کەسێکیتر چاوم لەخۆمەوە بوو و خۆمم لەناو گۆڕەکەما دەبینی، بێئەوەی هەست بەلاشەو جوستەیەکی تر بکەم، کە

[10] - نگل دێیەکی گەورەیە لەسەر رێی سنە- مەریوان و سەر بە مەریوانە. ئەم دێیە قورئانێکی گەورەی دەست خەتی مێژوویی لێیە کە لەسەدەی یەکەمی کۆچیدا نووسراوەتەوە.

خەڵکەکە گوتیان: یائەڵلا! هەستن با برۆینەوە، منیش هەستامە سەر چیچکان، بەلاَم پێم تەڵقین بوو کەمن ناتوانم لەگەڵ ئەوانا بگەڕێمەوە، کە خەڵکەکە رۆیشتنەوە تا چوار مەتریش چاوم لێیان بوو، یەك یەکی پاچ و بێڵە کانیانم دەبینی کە بەدەستیانەوە گرتبوو، تائەو کاتەش نەم دەزانی شێوەی هەڵگرتنی پاچ و بێڵ بۆ سەر گۆڕستان چۆنەو چۆن دەبێ..

کە خەڵکەکە رۆیشتن و جێیان هێشتم لەسەر پێ چیچکانم کردبوو، گۆڕەکەم زۆر تاریك بوو، دەستم دایە ژێر چەناکەم و چاوەڕوانی فریشتەکان بووم، بیستبووم کە( نەکیر و مونکەر) دوو فریشتەن و لە ناو گۆڕا پرسیار لە مردوو دەکەن، چاوەڕوانییەکەم ئەوەند درێژەی کێشا تا بێتاقەت بووم، بەلاَم ترسم نەبوو، ئینجا رووەو قیبلە و بەلای راستمدا لامکردەوە کونێکی نارێکی لارو خێچم بینی(وەك چۆن بەردێك بەشووشەی پەنجەرەدا بدرێت شووشەکە کونێکی نا رێکی تێدەبێت کونێکی ئاوەهام بەرچاو کەوت)، لەودیوە رووناك بوو، دیتم گۆڕەکە بوارم نادات بە پێ برۆم بە قنگەخشکێ رۆیشتم و هەردوو پێم لە پێشا خستە ئەودیو و ئینجا لەش و سەریشم بەدوایا..

## بێ خۆر دنیا ڕووناك بوو:

بەڵێ دەشت ودەرێکی فراوانم دی، شاخ وگردۆڵەی تیا نەبوو، بێ دارو درەخت بوو، خاك و زەوییەکەی بە شەوق وزەوق نەدەهاتە پێشچاوم، بێ ئەوەی خۆر ببینم دنیا ڕووناك بوو، ماوەیەکی باش ڕۆیشتم کەسم نەبینی، لە بەر خۆمەوە دەمگوت: ئەو هەموو خەڵکەی پێش من مردن بۆ دیارنین؟ بۆ کەسیان نابینم؟

ئینجا پاش ماوەیەك برادەرێکم بینی، پاش سڵاو وچۆن وچاکی گوتی: ئەوە کەی مردیت؟

گوتم: ئەمڕۆ..

گوتی: یا خوا بە خێر بێیت، مردنەکەت زۆرباش بوو، ئیتر لە خەم و خەیاڵی دنیا رزگارت بوو. گوتم: بێ خەمم، بەلاَم پێم بڵێ تۆ کەی مردیت؟

گوتی: مانگێکی تەواوە. ماوەیەك پێکەوە وەستاین، ئینجا گوتم: کاك مەحمود! ئەوە جێگەکەم لە کوێیە؟

## کاخی ناو باخ بوو:

هەر لەویادا دەستی بۆ شوێنێك درێژ کردو گوتی: ئەئەوە شوێن و جێگاکەتە.. شوێنەکە خانوویەکی دوونهۆم بوو، هەر نهۆمێکی دوو ژوورو ڕاڕەوێك بوو، ڕووی لە باکوور و پشتی لە باشوور بوو، - خانووی وایش لە کوردستانا جێیەکی نسرمە و خوری بە زەحمەت تێدەکەوێ لە بەر ئەوە مەڕغووب نییە- کتومت وەك خانەقا کۆنەکەی (دوو ڕووە)([11]) دەهاتە پێشچاوم..

دوای ئەوە لێم پرسی: ئەی کاك مەحموود جێگەکەی تۆ لەکوێیە؟

دەستی بۆ شوێنێك درێژ کردو گوتی: ئەوەش جێگاکەی منە!!

خانووەکەی کۆشکێکی بەرزو قەشەنگ بوو، چوار دەوری باخ و درەخت و میوەو گوڵ و گوڵزار بوو، وەك لە سەر ڕووباری ئاوایی نگڵ دا بێ ئاوەها بوو، ئاوەکە لە ژێریەوە دەڕۆیشت، لە ڕاستیدا کاخی ناو باخ بوو، ڕووی لە قیبلەو پشتی لە باکوور بوو، وەك کۆشکەکەی (مەحمود ئاوای)([12])شێخ عوسمان دەهاتە پێشچاوم.

---

11- ( دووڕووە) دێیەکە لەبەرامبەر ناحییەی سەوڵاوای سەر بە مەریوان، شێخ عوسمانی نەقشبەندی -بەرەحمەت بێ- کاتێ لەئێرانا بوو لەوێ دادەنیشت.

12- مەحموودئاوا دێیەکی جوانکیلە بوو لە بەردەم دێی سەوڵاوا شێخ عوسمان دروستی کردبوو، شیخ کۆشکێکی جوانی تیا دروستکردبوو، بە زۆری بۆ میوانانێکی بەکار دەهێنا کە دەسەڵاتدار یا کاردارێکی گەورەی دەوڵتی بوونایە. هەر لەم ناوەداو لە نزیك مەحموود ئاواوە باخێکی زۆر جوان و قەشەنگی بە لاپاڵێکەوە تیا دروست کردبوو، تەڵانە تەڵانەی کردبوو، بە وشکەکەڵەك دیواری کردبوو، درەختی جۆراوجۆری (زەراعەتی)میوەی تیا ناشتبوو، باخچە هەڵواسراوەکانی بابل لەم ئەچوو، لە سەرەوە کەپرێکی تیا دروستکردبوو، لە تەختاییەکەیشا بە پانتاییەکی زۆر گوڵی هەمەرەنگی تیا چاندبوو، بەڕاستی دیمەنێکی

ئالێرەدا پرسیارێکم لە خاوەن خەوەکە کردو گوتم: کاک (.... ) ئەو کوڕەی هاوەڵت چۆن کوڕێك بوو؟ گوتی: هەتا بلێیت موسڵمان و رێك و پێك بوو.

## لە قیامەتدا یەکتر دەبینینەوە:

لێرەدا کاك حەمە یوسف ئەم شیعرەی بێخودی رەحمەتی خوێندەوە: کافر کە خارە بابەتی نارە جەحیمە جێی موئمین گوڵە کە زینەتی باخە چووە جینان.

خاوەن خەوەکە گوتی: لەویادا حەسوودییەکی دنیاییانەم جوولاً و گوتم: باشە کاك مەحموود بۆ جێگەکەی تۆ ئەوەند خۆش و دلگیرە و جێگەکەی منیش ئەوەند دڵقەبز و ناخۆشە؟؟

گوتی: کاکە گیان ئەوە پەیوەندی بە کردەوەی ئادەمیزادەوە هەیە و ئەنجامی کردەوەی خۆمانە!!

گوتم: جا تۆ چیت کردووە من نەم کردبێ؟؟

گوتی: ئەی لەبیرت چووەتەوە لەو کاتەدا کە لە خانەی مامۆستایاندا پێکەوە دەرسمان دەخوێند پێم دەگوتی: براگیان! نوێژە کانت فەرمانی خوان بەجێیان بێنە، کەچی دەتگوت: تۆ ئەم هەمموو نوێژە دەخوێنی چیت لێ دەست کەوتووە؟! منیش پێم دەگوتی: لە قیامەتدا یەکتر دەبینینەوە لەوێ پێت دەڵێم.. ئەمە ئەوەیە کە لەو نوێژانەوە دەستم کەوتووە.

ئەم وەڵامەم زۆر پێ ناخۆش بوو، بەڵام حەقیقەت بوو، پێم گوت: کاك مەحموود بەڵکو هەوڵێکم بۆ بدەیت وکارێکم بۆ بکەیت..

گوتی: کاکەگیان ئەمە دنیا نییە، واسیتە و واسیتەکاری لێرەدا نییە، حەقی خۆت چی بێ ئەوەت دەدرێتێ.. گوتم: ئەگەر بچم بۆلای باوکم تۆ بڵێی کارێکم بۆ نەکات، هەروەك دەزانی باوکم پیاوێکی باش بوو، وەك من نەبوو! گوتی: کاکە نرخی خۆت مەشکێنە و مەڕۆ بۆلای، چونکە ئەگەر بچیت بۆ لایشی پشتت تێدەکات و نات ناسێتەوە، ئێرە خۆ دنیا نییە، کەس فریای کەس ناکەوێت جگە لە کردەوەی چاکەی خۆت..

کاك حەمە یوسف گوتی: ئەم قسانە هەندێ لەئایەتەکانی قورئانم یاد دەخاتەوە کە دەفەرموێ:

" فَـإِذَا نُفِـخَ فِـي الصُّـورِ فَـلَا أَنسَـابَ بَيْـنَهُمْ يَوْمَـئِذٍ وَلَا يَتَسَـاءَلُونَ، فَمَـنْ ثَقُلَـتْ مَوَازِينُـهُ فَأُوْلَـئِكَ هُـمُ الْمُفْلِحُـونَ، وَمَـنْ خَفَّتْ مَوَازِينُهُ فَأُوْلَئِكَ الَّذِينَ خَسِرُوا أَنفُسَهُمْ فِي جَهَنَّمَ خَالِدُونَ،

---

جوان و دلڕفێنی هەبوو، بۆ ئاودانی ئەم باخە لەلای سەرەوە بە دووری دوو کیلۆ مەتر بناوانێکی گەورەی لەسەر رووبارەکەی سەولاوا دروستکردبوو بەوە ئاوی دەدرا. دێی سەولاوا لەبەر ئەوەی کە لە دۆڵێکی تەنگا بوو، وە لـــە بارەی ئیدارییەوە ناحیە بوو، رێی گەشەو نەشونمای نەبوو، گواستیانەوە بۆ پەنای ئەم مەحموود ئاوایەو ئێستا تێکەڵ بە یەکتر بوون.

**تَلْفَحُ وُجُوهَهُمُ النَّارُ وَهُمْ فِيهَا كَالِحُونَ، أَلَمْ تَكُنْ آيَاتِي تُتْلَى عَلَيْكُمْ فَكُنتُمْ بِهَا تُكَذِّبُونَ؟ قَالُوا: رَبَّنَا غَلَبَتْ عَلَيْنَا شِقْوَتُنَا وَكُنَّا قَوْمًا ضَالِّينَ، رَبَّنَا أَخْرِجْنَا مِنْهَا فَإِنْ عُدْنَا فَإِنَّا ظَالِمُونَ. قَالَ: اخْسَئُوا فِيهَا وَلا تُكَلِّمُونِي، إِنَّهُ كَانَ فَرِيقٌ مِنْ عِبَادِي يَقُولُونَ: رَبَّنَا آمَنَّا فَاغْفِرْ لَنَا وَارْحَمْنَا وَأَنْتَ خَيْرُ الرَّاحِمِينَ،فَاتَّخَذْتُمُوهُمْ سِخْرِيًّا حَتَّى أَنسَوْكُمْ ذِكْرِي وَكُنتُمْ مِنْهُمْ تَضْحَكُونَ، إِنِّي جَزَيْتُهُمُ الْيَوْمَ بِمَا صَبَرُوا أَنَّهُمْ هُمُ الْفَائِزُونَ "**[١٣]

**واتە: کاتێ فوو بە کەرەنای(صوور)دا کراو هەموو خەڵکی لەگۆڕەپانی حەشرا کۆ کرانەوە، باو وباپیرو نەسەب هیچ دەورێکی نابێ‌و لەو رۆژەدا کەس کاری بەسەر کەسەوە نابێ پرسیارو داواکاری لە یەکتر بێسوود دەبێ، ئەوانەی تای ترازووویان بە کردەوەی چاکە قورس بوو ئەوا سەرکەوتوو و سەرفرازن، ئەوانەش ترازووی کردەوەی چاکەیان سووک بوو ئەوە زیانیان لە خۆیان داوەو بۆ هەمیشە لە دۆزەخا دەمێننەوە، ئاگر دەموچاویان دەگەزێ و لە ناویا هەڵدەکزێنرێن، و پێیان دەگوترێ: ئەوە ئایەتەکانی منتان بەسەرا نەخوێنرایەوە، کەچی بە دروتان دەزانی؟ ئەوانیش دەڵێن: پەروەردگاری ئیمە! ئێمە کۆمەڵێکی سەرگەردان بووین و بەدبەختی بەسەرماندا زاڵبوو، خوایە لێرە بمانکەرە دەرەوە، ئەگەر جارێکی تر گەڕاینەوە بۆ حاڵی پێشینمان و بڕوامان نەهێنا ئەوکاتە بەراستی ستەمکارین!!**

**خواش دەفەرموێ: (حەپەحەپ)بێدەنگ بن بتلێنەوەو شەرمەساربن، ئەها کۆمەڵێ لە بەندەکانم دەیانگوت: خوایە بڕوامان هێناوە و تۆیش لێمان خۆش ببە و رەحممان پێبکە تۆ لە هەمووکەس بە رەحم تری، ئێوەش گاڵتەتان پێدەکردن و پێیان پێدەکەنین، تا گاڵتەکردنتان بەوان یادی منی لە بیر بردنەوە، بە هۆی خۆگری خۆیانەوە لەسەر ئەو ئازارو سزایەی بەدەست ئێوەوە چێژتیان ئەمڕۆ منیش بە بەهەشت پاداشتیان دەدەمەوە و بێگومان هەر ئەوانیش سەرکەوتوو و سەرفرازن.**

## دەم زانی لەوێ درۆ نییە:

**ئینجا خاوەن خەوەکە رۆیشتەوە سەر باسەکەی و گوتی: کاتێ مەحموودی هاوەڵم قسەکانی بۆ دەکردم بەتەواوی باوەڕم پێی هەبوو، دەمزانی لەوێ درۆ نییەو قسەکانیش قابیلی موناقەشە نین و بە ساقەو بە قوربان و تکا دەکەم بێسوودە!!**

**ئیتر ئەوم جێهێشت و رۆیشتمەوە بۆلای خانووەکەی خۆم، ویستم سەیرێکی بکەم، ئەوەند پێی قەڵس و نارەحەت بووم ئەسڵەن لام بەلای نهۆمی یەکەمدا نەکردەوە، لەلای راستەوە**

[١٣]سورة المؤمنون/١٠١- ١١١.

سەرکەوتم بۆ نهۆمی دووەم، خانووی چی!! یاخوا دوژمنیشت نەیبینێ! ناو ڕاڕەو و ژوورەکانی ئەوەند خوڵدار و تەپو تۆزاوی بوو ئەگەر بە توند پێت دابنایە بە ئاسانی تیایدا دەشارایتەوە! لەگەڵ ئەوەدا دیوارەکانی بەقوڕ سیواق درابوو، هەندێ شوێنی کەوتبوە خوارەوە، سیواقی بنمیچەکانی لە هە ندێ شوێنا تەڕە شۆ خستبوویە خوارەوە، داڕزیو و پەرتوکاو، تاریك ونوتەك، لە هەموو ماڵی دنیادا تەنیا کتریەیەکی ڕەشهەڵگەڕاوی کۆن و جامۆڵکەیەکی قوپاو و لە هەموو فەرش وراخەریێکیشا تەنیا پارچە مقەبایەکی پچووکی تێدا بوو و هیچی تر..

بەڵێ، ڕۆیشتمە ناو ژوورەکانەوە و وەزعەکەم بینی ئیتر خانووەکەم وەرنەگرت، چونکە زۆر پێی ناڕەحەت و دڵگران بووم، ماوەیەك وەستام و بیرم لەوە دەکردەوە کە ئەم خانووە بۆ ڕۆژو دوو ڕۆژ یا بۆ سەد ساڵ وهەزار ساڵ نییە، بۆ هەمیشە و هەتا هەتایە! دەبێ من لەناو ئەم جێگە ناخۆشە، دڵتەنگ و تاریکەدا، بێ ئەوەی فەرش و راخەرێکی تیابێ، یا شەوق وزەوق و ڕووناکییەکی باشی تیابێ، یا ئاو و دار و درەخت و میوە و گوڵ و گوڵزارێکی تیابێ، یا هاودەم و هاوسەرێکی تیابێ و بێ ئەوەی گۆڕان و گۆڕانکارییەکی تیابێ، و بۆ هەمیشەیی و هەتا هەتایی لەم شوێنە



ناخۆشەدا بمێنمەوە، و لێیشم ڕوون بوو کەجارێکی تر مردن نییەو لەدەستی ڕزگارم نابێ، مەگەر خوا هەر خۆی بزانێ وەزعێکی ئا بەو جۆرە چەند سەخت و ناڕەحەتە!!

ئەوەند ناڕەحەت بووم وەك پەردەیەکی ڕەش بێ بەسەر چاوما ئاوا بەرچاوم تاریك بوو، ئەو دیمەنە ڕۆیشت ودیمەنێکی تر هات، حاڵەتی پێشووم نەما وشوێنەکەم بووەوە بەتاریکییەکی تەواو، لەدڵی خۆیشما بەخۆمم ئەگوت: هێشتا من پرسیاری گۆڕم لێنەکراوە و حیسابم تەواو نەبووە بۆیە هێناومیانەتەوە بۆ گۆڕەکەی خۆم..

لەو تاریکییەدا ئەوەند مات و سەراسیمە ببووم نەم دەزانی کەی و چۆن و بەچی مردووم؟! دەستم بەرزکردەوە نەیدا لە بنمیچی گۆڕەکە، دەستم بەم لاولادا گێڕا لە دیواری گۆڕەکەی نەدا، دەستم بەرزکردەوەو هەستامە سەرپێ هیچ ئەندامێکی لەشم لە دیواری گۆڕەکەمی نەدا، ئینجا لە جێگەی خۆما دانیشتمەوە، ماوەیەك چاوەڕوانیم کرد بەڵکو گۆڕەکەم کونە ڕووناکەکەی تێبێتەوە ! چاوەڕوانییەکەم زۆری خایاند، دوایی هەستم کرد سۆلسۆلەیەکی ڕووناکی دەرکەوت، ئای لەو خۆشییەی کەوتە دڵمەوە!! ئەوەند بەپەلە بەرەو ڕۆشناییەکە رامکرد تا لەو

تاریکییە رزگارم بێت تـــەوقی سـەرم دای بەشتێکداو تەقەی هات وامزانی گۆپاڵ بوو درا بە سەرما، زۆر بە توندی کەوتم بە پشتا..

لەدڵی خۆما گـوتم: ئـیتر رێی دەرچوونم نییە، مـاوەیێ تر بۆی دانیشـــتمەوە، ئـــەوەند دانیشـــتم تابێـــتاقەت بـــووم، دووبـــارە رووناکییەکەم دییەوە، گوتم: ئـەم جارە عـاقڵانـە بـۆی دەڕۆم، بە ئاستەم هەستام و سـەرم لەشـــــوێنی رووناکییەکە نزیك کردەوە، ماڵ و خانووم دی، هــەستم کرد هەندێ لە ماڵەکان چرایان دەگرێ، ئەستێرەم بە عاسمانەوە بینی!!

لە دڵی خـــۆما گوتم: بەخوا ئەمە ئـــەوێ نییە، ئەمـە دنیـایە و نـاو ئاوایـیە، شـقـارتەیەکم لەپـەنا سـەرما دا نـابوو دامگیرساند، دیـتم ئـــەمـە ژوورەکەی خۆمە!! ئینجا سەرم دایە ئێش و زریـکە، تا ئەو کاتەش هەستم بە ئازار نەدەکرد.

ئالێرەدا تێگەیشتم لـەوکاتەوە پەردە رەشەکە درا بە بەرچاومدا و دنــیام لێ تـاریك بـوو مـن خەبـەرم بـووەتـەوە، بـەڵام بیـنم بـە خەوەکەوە گرتبوو وام دەزانی هەر لەناو خەوەکەدام..

# # #

منـیش لـێرەدا پرسـیارێکم لـە خـاوەن خەوەکـە کـرد و گـوتم: کـاك(...) ئـەم خـەوە لـەژیانی تـۆدا چ دەورێکـی هـەبوو، هـیچ گۆڕانکارییەکی دروستکرد؟

گـوتی: دەورێکی زۆر کاریگەری هەبوو، ئەتوانم بڵێم: بۆ مـاوەی سێ سـاڵ ئـاوەڕۆی ژیـانمی گۆڕی، هەر ئەوشەوە تۆبە و ئیستیغفارم کـرد، هەسـتام رۆیشـتم بـۆ غوسـڵخانەی حەوزەکـەی مـزگەوت غوسڵێکم کردو جوان خۆم نوێژی کرد و دەستم بە نوێژ کرد..

گوتم: ئەم گۆڕانە لە ژیانی تۆدا زۆری خایاند؟

گوتـی: ئـــەم خـەوەم لـە بـەهاری ساڵی ١٣٥٤ دا بوو، تا ساڵی ١٣٥٧ خایـاندی، لـەو ماوەیـەدا بەتـەواوی ئاموشـۆی مـزگەوتم دەکرد و بە رێکوپـێکی نوێژەکـانم دەکـرد.. لـەو تەئـریخە بـەدواوە ساردی رووی تێکردم و  وردە وردە وەك زووی خۆمم لێهاتەوە، ئەڵبەت - سـوپاس بـۆ خوا-  ئیمان و باوەڕم بە خوا و رۆژی قیامەت هەر هەیە، بـەڵام لە کردەوەدا تابڵێیت تەمبەڵم!

منـیش گـوتم: سروشـتی ئادەمـیزاد وایە لەکاتی تەنگانەو دیتنی رووداوی سـەخت ودڵتەزێـندا تەکانـێك دەخـوات و سروشـتی بـۆلای خــوا دەگـەڕێـتەوە، و هـاواری لـێدەکات و لـێی دەپاڕێـتەوە تـا لـەو ناخۆشـیە رزگـاری بکـات و بیپارێزی"، کەچی هـەر لەگەڵ بە رواڵت

**رزگاری بوو وگەیشتە کەناری نارەحەتیەکە و وایزانی لە تەنگانەکە دوور کەوتۆتەوە ئیتر وا دەگۆڕێت وەك ئەوە کە هەرگیز تەنگانەی نەدیبێ و هاواری لە خوا نەکردبێ، خوایش لە قورئاندا باسی ئەو جۆرە کەسانە دەکات و دەفەرموێ:**

" فَإِذَا رَكِبُوا فِي الْفُلْكِ دَعَوُا اللَّهَ مُخْلِصِينَ لَهُ الدِّينَ فَلَمَّا نَجَّاهُمْ إِلَى الْبَرِّ إِذَا هُمْ يُشْرِكُونَ، لِيَكْفُرُوا بِمَا آتَيْنَاهُمْ وَلِيَتَمَتَّعُوا فَسَوْفَ يَعْلَمُونَ"[١٤].

**واتە: کاتێ سواری کەشتی دەبوون هاواریان لەخوا دەکرد ولێی دەپاڕانەوەو دەبوونە خاوەن باوەڕێکی پاڵفتە، کە لە تۆفان و شەپۆلی سەرشێتی دەریا رزگاری دەکردن و دەیگەیاندنە وشکانی شەریکیان بۆخوا دادەنا، بانمەك نەناس و پێنەزان بن و ئەو چەند رۆژە رابوێرن لەمەولا دەزانن چ زیانێکیان لە خۆیان داوە!! ئینجا حاڵی ئەوانەمان لە رۆژی قیامەتا بۆباس دەکات و دەفەرموێ:**

"وَلَوْ تَرَى إِذْ وُقِفُوا عَلَى النَّارِ فَقَالُوا يَالَيْتَنَا نُرَدُّ وَلا نُكَذِّبَ بِآيَاتِ رَبِّنَا وَنَكُونَ مِنَ الْمُؤْمِنِينَ، بَلْ بَدَا لَهُمْ مَا كَانُوا يُخْفُونَ مِنْ قَبْلُ وَلَوْ رُدُّوا لَعَادُوا لِمَا نُهُوا عَنْهُ وَإِنَّهُمْ لَكَاذِبُونَ، وَقَالُوا: إِنْ هِيَ إِلاَّ حَيَاتُنَا الدُّنْيَا وَمَا نَحْنُ بِمَبْعُوثِينَ، وَلَوْ تَرَى إِذْ وُقِفُوا عَلَى

---

[14]- سورة العنكبوت/٦٦.

رَبِّهِمْ قَالَ: أَلَيْسَ هَذَا بِالْحَقِّ؟ قَالُوا: بَلَى وَرَبِّنَا. قَالَ فَذُوقُوا الْعَذَابَ بِمَا كُنتُمْ تَكْفُرُونَ "[١٥].

**واتە: ئەگەر لەو کاتەدا دەیانبینی کە لەسەر لێواری ئاگری دۆزەخ وەستێنراون و دەڵێن: خۆزگا بگەڕێنراینەوە بۆ دنیا ئیتر ئایەتەکانی خوامان بەدرۆ نەدەزانی و دەبووینە بەشێك لە ئیمانداران! نەخێر تازە گەڕانەوە نییە، ئەوەی لەوە پێش لایان شاراوە بوو و ئیمانیان پێی نەبوو ئێستا بۆیان دەرکەوتووە و لایان یەقینە، خۆ ئەگەر بگەڕێنرێنەوە بۆ دنیا دەچنەوە سەر بەزمەکەی خۆیان و ئەوەی خوا لێی قەدەغە کردوون، و دەڵێن: جگە لەژیانی دنیا ژیانێکیتر نییەو جارێکی تریش زیندوو ناکرێینەوە، خۆ ئەگەر دەیان بینی کە لەدادگای خوادا دەوستێنرێن و پێیان دەفەرموێ: ئایا ئەم زیندووبوونەوە و لێپرسینەوەیە راست نییە؟ دەڵێن: بەرێ وەڵڵا راستە، -خوایش- دەفەرموێ: دەبرۆن سزای بێ باوەڕیتان بچێژن.**

**کاتێ من ئەم ئایەتانەم بۆخوێندەوە و شەرحم کردن بۆی گوتی: وەڵڵا ئەڵێی کتومت لەبارەی منەوە دەدوێن و باس دەکەن!!**

---

[15]- سورة الأنعام/٢٧-٣٠.

منیش گوتم: هیوادارم سوود لە خەوەکەت ببینی و بەر ئەو هەڕەشە گەورەیە نەکەویت کە لەئایەتە کاندا باسکران، بەرپرسی تۆ لە رۆژی قیامەتا لەخەڵکی تر گرانتر دەبێت، چونکە خوا موعجیزەیەکی گەورەی پیشان داویت، کە زۆرکەس ئاواتی بۆ دەخوازێ ببینێ، وە بەچاوی خۆت شتانێکت بینیوە کە لەوەپێش لەوانەیە گومانت تیایانا بووبێ، پاش ئەم خەوە بەتەواوی لێیان دڵنیا بوویت، هیچ بیانوویەکت نەماوە..

ئەوا منیش ئەو ئایەتانەم بۆ خوێندیتەوە وحاڵی ئەوانەم بۆباسکردی کەراستییان بۆ دەر دەکەوێو دوایی پشتی تێدەکەن لە رۆژی قیامەتا وەزعییان چۆنە..

هیوادارم تۆیش لەوکۆمەڵە بەدبەختانە نەبیت کەباسکران ولەو گەشتەی خۆت سوودت وەرگرتبێ و هەمیشە دیمەنەکانیت لەپێشچاوا بێت.

# # #



جاری یەکەم لە ٥ /شەووال/ ١٤٠٨ھ لە شەریف ئاوای سنە نووسرایەوە، بەرامبەر بە ٢٠/مایس/١٩٨٨م.

دارشتنی لە کەمپیوتەرا بۆ چاپی دووەم ١٥/ ٢/٢٠٠١ م

29 Bourn St Morley W.A 6062 Perth-Australia

## ناوەرۆك

پێشەکی
ئایا خەو بەڵگەیەکی شەرعیە ؟
خەوەکەم چارەنووسمە
لە قورئانەکە حاڵی دەبووم
گۆڕەکەم زۆر تاریك بوو.
بێ خۆر دنیا رووناك بوو.
کاخی ناو باخ بوو.
لە قیامەتدا یەکتر دەبینینەوە.
دەم زانی لەوێ درۆ نییە.